# ناوی ڕاپەڕیوەکانی ساڵی ١٣٣٢ ی

# شاری بۆکان

## نووسینی ڕەشید سپیهری

کاک ڕەشیدی سپێهری خەڵکی بۆکانە، فەرمانبەری ئیدارەی پۆستە وتەلەفونی شارەکە بووە، لە سەروحەدی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی ئێراندا چووە ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە و ئێستاش لە وڵاتی سوید دەژی.

کاک ڕەشید زانیارییەکی زۆری لەسەر بۆکان و خەڵکەکەی هەیە و تەنانەت دوای ساڵانێکی زۆری دووری لە نیشتمان، نەک هەر گەلێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی ساڵانی پێشووی بە باشی لەبیر ماوە و لە دانیشتنی دۆستانەدا باسیان لێوە دەکات، بەڵکوو ئاگاداری دوایین ڕووداوەکانی شار و ناوچەکەش هەیە. نموونەیەک لە زانیارییەکانی، ئەو ناوانە بوو وا بۆ زنجیرە وتاری "پێشرەوانی کەسب وکار لە بۆکان" ی منی نووسی و دەولەمەندی کرد (بڕوانە بەشی ٣٦٣ تا ٣٦٨ ی ئەم زنجیرە وتارە).

دووساڵێک پێش ئێستا لە لەندەن چاومان بە یەکتر کەوت و تکام لێکرد بیرەوەرییەکانی خۆی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) ی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە. دوای ماوەیەک ٣ لاپەڕە یادداشتی بۆناردم کە بریتین لە:

- هەندێک ڕوونکردنەوە سەبارەت بە مەسەلەی ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە؛ و

- ڕیزبەندی ناوی ئەو بنەماڵانەی شاری بۆکان کە لە ڕاپەڕینی دژ بە دەسەڵاتی ئاغاکاندا بەشدارییان کردبوو.

ئەوەی خوارەوە دەقی یادداشتەکەی کاک ڕەشیدە بە بێ دەست تێوەردان و لە کۆتاییشدا کۆپی نووسراوەکەی خۆی دەهێنمەوە، ئینجا هەندێک ڕوونکردنەوە وپەراوێزی لێ زیاد دەکەم.

بەڵام با هەر لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە لە ساڵانی ١٣٣١ ١ ٣٣٢ دا لە ناو شار و هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان **دوو** ڕاپەڕینی گەورە سەریان هەڵدا، کە بەهۆی خەسلەتی هاوبەش و هاوکاریی کردنی ڕێبەرەکانیانەوە لەگەڵ یەکتر، گەلێک جار وەک یەک تاکە ڕاپەڕین لە زیهنی خەڵکدا چەسپاون و لە باسکردنیاندا، تێکەڵ بە یەک دەکرێن یا لەشوێنی یەکیتر دادەنرێن. ئەو مەسەلەیە، لە یادداشتەکانی کاک رەشێدیشدا بەرچاو دەکەوێت.

بەشی هەرەزۆری بابەتەکەی کاک ڕەشید لە ڕاستیدا، ڕاپەڕینەکەی نێو شاری بۆکانی گرتۆتەوە لە کاتێکدا عینوانەکەی "ڕاپەڕینی جووتیاران" ە- ئەو ڕاپەڕینەی وا کەم و زۆر هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی شار، لە گوندەکانی ڕۆژ هەڵاتی بۆکان سەری هەڵدا و پاشان تا سەرچۆمی مەجیدخان و دەوروبەری میاندواو و ناوچەی شاماتی مەهاباد پەرەی سەند.

گەرچی لیستەی کاک ڕەشید واهەیە تەواو و بێ عەیب نەبێت، بەڵام وەک لە ناوەکان دەردەکەوێت، زوربەی هەرەزۆر یا سەرجەمی ڕاپەڕیوەکان کاسبکاری وورده و کەم داهات و هەژار وەک بەرگدروو، دارتاش، تەنەکەساز، بەننا، و کرێکار بوون. ئەو تاک و تەرایەی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانیش کە لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان کەوتوون (سالمی، زیایی، ڕەزایی، حەریری و کەریمی)، لە ڕاستیدا لاوانی تازەپێگەیشتوو و خوێندەواری نێو بنەماڵەکە بوون نەک گەورە و بەرپرسانی ماڵ کە واهەیە بەهۆی موحافیزەکارییەوە هەڵوێستیان دژ بە ئاغاکان نەگرتبێت، ئەوە خەسلەتێکی چینایەتی و قانوونمەندی هەموو کۆمەڵگایەکە.

لە نووسراوەکەی کاک ڕەشید دا، ئاماژە بە دەوری گرنگی بەرگدرووەکانی بۆکان لەو ڕاپەڕینەدا کراوە و ناوەکانیش ئەو بەشدارییە بەربڵاوەی ئەوان پشتڕاست دەکەنەوە. توێژینەوە لە هۆکاری ئەو بەشدارییە بەرچاوەی بەرگدرووەکان، هەروەها چۆنیەتی و بۆچییەتی ژمارەی زۆری بەرگدروو لە شارەکە و هەڵوێست گرتنی شۆڕشگێرانە و بەشداریکردنی بەرچاویان لە سیاسەت، هاوپشتی کردنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و دژایەتی کردنی حکوومەتی ئێران، ئەرکێکی گەورەیە و دەبێ نووسەرانی دوارۆژی مێژووی ناوچەکە لەو دیاردە گرنگە بکۆڵنەوە. بۆکان چەند قاتی شارەکانی دەوروبەر، خەیاتی هەبووە و بەگشتی لە تاک و تەرایەک بەدەر، هەموویان (بۆنموونە میرزا حەمەڕەئووفی حافیزەلقورئان، حوسەینی مەجیدی و حوسەینی تەهایی و برایمی تەننازی)، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتێکدا بوون کە هەردوو عونسوری چینایەتی و نەتەوایەتی تێیدا ئاوێتە ببوون. هەڵگرانی ئەو بیرە، ڕزگاری لە دەست چەوسانەوەی ئاغاکانیان لە سەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتیدا دەدیت. هەر ئەوەش کردبوونیە قارەمانێک کە لە دووبەرەدا شەڕ بکەن: دژ بە ئاغاواتی بۆکان بوەستن و لە عەینی کاتدا دژایەتی حکوومەتی ناوەندی ئێرانیش بکەن کە پشتیوانی ئاغاکان بوو.

ئەوە دەقی بێ ئاڵ وگۆڕی نووسراوەکەی کاک ڕەشید سپهرییە[1]، بەو هیوایەی کە خوێنەر لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەکانیدا ئەو خاڵە گرنگە بگرێتە بەرچاو و دوو ڕاپەڕینە هاوتەریب و هاوشان و هاو ئامانجەکانی بۆکان و گوندەکان لێک جیاواز دابنێت وتێکەڵ یەکتریان نەکات. ئەو خەڵکانەی لە لیستەی کاک ڕەشید دا ناویان هاتووە، ڕاپەڕیوانی شارن نەک خەباتکارانی ڕاپەڕینی وەرزێریی ناوچەی فەیزوڵلابەگی.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم.

یەکەم، لە کاتی نووسرانی یادداشتەکەی کاک ڕەشیددا ٥٥ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینەکانی بۆکان تێپەڕ دەبوو. ئەوە زیهنی تیژی کاک ڕەشیدە کە هەموو ئەو ناوانەی لەبیر ماوە، دەنا من خۆم واهەبوو لە ١٠ ـ ١٢ ناو زیاترم بۆ دەست نیشان نەکرایەت. سەرەڕای ئەوەش، دڵنیام گەلێک ناوی دیکە هەن کە لە قەڵەمی کاک ڕەشید کەوتوون و هیوادارم کەسانی دیکە ئەو ناوانە بۆ مێژوو تۆمار بکەن.

دووهەم، ڕێزگرتن لە خەباتکارانی ڕاپەڕینەکە بە واتای بێ ڕێزی کردن بە لایەنەکەی دیکە واتە ئاغاکانی بۆکان و دەوروبەر نییە. ئەوە شەڕی چینایەتییە و تایبەت بە شارێک و ناوچەیەک یا وڵاتێک نییە بەڵکوو یاسایەکی جیهانییە و هەر ئەو خەبات و ڕاپەڕینانە بوو کە مرۆڤایەتی لە چەوسانەوەی فیئۆدالی ڕزگار کرد و گەیاندیە قۆناغی ئەمڕۆی ژیان. گەرچی ئەمڕۆکەش کار تەواو نەبوە و

[1] تاقە دەستکاریی من ئەوە بووە ناوی هەندێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەم وەپێش ئەوانی دیکە خستووە. بەڵام نە ناوێکم پەڕاندووە و نە هیچم لێ زیاد کردووە. ئەنوەر

بێعەداڵەتی و نابەرانبەری سەرمایەداری هەموو شوێنێکی جیهانی داگرتووە و پێویست بە هەوڵ و خەباتی زیاتر و شێلگیرتر دەکات بۆئەوەی چەوسانەوە، وەک دیاردە، لە سەر ڕووپەڕی مێژووی مرۆڤایەتی پاک بکرێتەوە.

ئەوەئێوە و ئەوەش نووسراوەکەی کاک ڕەشیدی سپیهری. بۆ زانیاری خوێنەر دەبێ بڵێم ئەم وتارەم دوای ئامادە بوون ناردەوە خزمەت کاک ڕەشید و ئەویش چەند ناوێکی لێ زیاد وکەم کرد. ئەوەی خوارەوە دوایین دەقی پەسندکراوی خۆیەتی:

## **ڕاپەڕینی جووتیاران**

"پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٦ [2]، خەڵکی کوردستان لە ناوچەی موکریان کەوتنە بەر شاڵاوی زۆرداران و کاربەدەستانی حاکم و دەرەبەگەکان. خەڵک لە هەلێک دەگەڕا کە خۆی لەم زوڵم و زۆرە ڕزگار کا.

لە ساڵی ١٣٣١ لە دەرەوەی شاری بۆکان بە پشتیوانی کاسبکار و کرێکار و خەیاتەکانی بۆکان، کە پشتیوانییەکی بەرچاویان لەم ڕاپەڕینەدا بۆ لایەنگری لە دوکتور موسەددیق- کە "بەرەی میللی ئێران"[3] بوو، چەند حەوتوو ڕێپێوان و ووتاردان دەستی پێکرد. پاشان ژاندارمری کە لە ماڵی حاجی قاسم دا بوو، پشتیوانی لەخەڵک کرد.[4] ماڵی حاجی قاسم دەوڵەمەندێکی شۆڕشگێڕ بوون. خەڵک توونیی شۆڕش بوو.

**ئەو کەسانەی لە بۆکان پشتیوانی ڕاپەڕینەکە بوون، ئەوانەن:**

١. حاجی قاسم کەریمی (ڕێبەر)؛

٢. حوسەین کەریمی، مامۆستای قوتابخانە و برای حاجی قاسم؛

٣. عەلی میرەبەگ، [قەسساب]؛

٤. عەبدوڵڵا ئێرانی، [قۆنتەراتچی قەپان]؛

٥. حەمەڕەئووفی [حافیزەلقورئان]، [خەیات]؛

٦. حوسەین فاتحی؛

٧. حەسەن فاتحی؛

٨. ساڵح فاتحی (هەرسێکیان، کوڕانی مام فەتحوڵڵا)؛

---

[2] ١٣٢٥ ڕاستە

[3] جبهه ملی ایران

[4] دەگوترێ کە، لەو بڕگەیەدا، ئەفسەری فەرماندەی ژاندارمری بۆکان خۆی کەسایەتییەکی چەپ یا لایەنگری موسەددیق بووبێت.

٩. کەریم غەفووری (کەریمی خات زینەت)[5]؛

١٠. ئەحمەد یەدی؛

١١. برایم تەننازی، خەیات؛

١٢. حاجی محەممەدی شاقولی، [خەیات][6] ؛

١٣. مەلا محەممەدی قزڵجی، [مامۆستای قوتابخانە]؛

١٤. مەلا سدیقی قزڵجی؛

١٥. مەحموود ڕەزایی، [خوێندکاری قوتابخانە]؛

١٦. برایمی حەریری، [خوێندکاری قوتابخانە]؛

١٧. عەلی سالمی؛

١٨. حوسەینی تەهایی (نەورۆز)، خەیات؛

١٩. عەلی تەهایی (نەورۆز)؛

٢٠. حەسەنی تەهایی (نەورۆز)؛

٢١. میرزا محەممەد ئاڵبلاغی؛

٢٢. میرزا عەبدوڵڵا سوڵتانی، خەیات؛

٢٣. عومەری سوڵتانی، ڕۆژنامە فرۆش؛

٢٤. ڕەحمانی حەیدەری؛

٢٥. حەمەساڵەی کەریمی [کوڕی] حاجی بابەخان؛

٢٦. عەبدوڵڵا سامبەگی؛

٢٧. میرزا حەمەکەریمی کەریمی (دوکتۆرەکەی خۆم)؛

٢٨. مام عەلی پینەچی (لەگەڵ ماڵی حاجی قاسمی کەریمی هەڵات بۆ باشووری کوردستان)؛

٢٩. کاک فەتحوڵڵا مەرزنگی، قاوەچی؛

---

[5] کەریمی خات زینەتیش وەک حاجی قاسمی کەریمی و عەبدوڵڵا ئێرانی، لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی شاری بۆکان بوو.

[6] لە بیرەوەرییە چاپ نەکراوەکەی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووف مەلاحەسەن) دا، میرزا محەممەدی شاقولی بە لایەنگری ئاغاکان ناوبراوە بەڵام باسی ئەوەش کراوە کە کارتی حزبی دیموکڕات لە دووکانەکەیدا دۆزراوەتەوە. من بە باشی لەبیرمە دوای دۆزرانەوەی کارتی ئەندامیەتی حزب لە دووکانەکەیدا، میرزا محەممەدی شاقولی گیرا و لە شاریدا باس باسی ئەو گیرانە بوو. ناوبراو ماوەیەک لە شەهرەبانی بۆکان کە ئەودەم لەماڵەکانی حاجی بایزی ئیسماعیلی (شوێنی ئێستای بانکی میللی) دا بوو، ڕاگیرا و پاشان نێررایە زیندانی مەهاباد. شەوێک دوان پاش گیرانەکەی، باوکم کە بەرگدروو بوو و شەوانە شەوکاریی دەکرد و دوای نیوەشەو دەگەڕایەوە ماڵێ، لە بەیانیدا بۆی گێڕاینەوە کە کاتێ دوای نیوەشەو بەبەردەم شەهرەبانیدا تێپەڕ بووە چەند پاسەبانی بینیوە میرزا محەممەدی شاقولییان لە جۆگەی ئاوی بەر شەهرەبانی خستووە و بە باتووم دارکارییان کردووە. باوکم زۆری بەزەیی پێدا دەهات و هەندێکیش لەگیرانی لەخۆی دەترسا. (ئەنوەر)

٣٠. حەسەن مەرزنگی؛

٣١. لوتفوڵڵا حەقپوور، پینەچی؛

٣٢. وەستا حەسەن بەسری، [ئاسنگەر]؛

٣٣. میرزا ناجی زیایی، [کووتاڵ فرۆش]؛

٣٤. عەلی ئەبازەری؛

٣٥. وەستا عەوڵای قەرەگوێز [بەرگدروو]؛

٣٦. مام ڕەحیمی خەیات؛

٣٧ و ٣٨. غوڵامی پینەچی و براکەی؛

٣٩. سەید تەهای تەنەکەساز؛

٤٠. میرزا مەحموود غەوسی، [گاراجدار]؛

٤١. میرزا عەبدولخالقی غەوسی، خەیات (کوڕی میرزا مەحموود)؛

٤٢. حاجی فەتحوڵڵای جەنگەڵی، عەللاف؛

٤٣. سەید موتەللیبی قوڕەیشی، خەیات؛

٤٤. سەید حەسەن قوڕەیشی (کوڕی سەید موتەللیب)[7]

٤٥. ڕەحمانی بابامیری؛

٤٦. مەحموودی تووفرۆش (مەحمووده کوێر)

٤٧. حەسەن خان مەسعوودی؛

٤٨. مەمەدخان مەسعوودی؛

٤٩. ڕەشید حەڵەبی، [تەنەکەساز]؛

٥٠. عەلی حەڵەبی؛

٥١. ڕەسووڵ کەفشدوزی، [پێڵاو دروو]؛

٥٢. ڕەشید کەفشدوزی، [پێڵاودروو]؛

٥٣. حەسەن ڕەحمانی مەشهوور بە حەسەنی بایزئاغا؛

---

[7] دەبێ نیاز لە کوڕەکەی، سەید حەسەن بێت کە دواتر لە ژێر گوشاری زۆری ئاغاکاندا پەرەوازەی شاران بوو و بەداخەوە بوو بە کارمەندی ساواکی مەهاباد.

٥٤. عەبدوڵڵا مسگەری؛

٥٥. محەممەد مسگەری؛

٥٦. وەستا ڕەحیمی مسگەری، [مسگەر]؛

٥٧. عەلی مەجیدی، خەیات؛

٥٨. حوسەین مەجیدی، خەیات

٥٩. میرزا ڕەسووڵی ئەسڵانی؛

٦٠. سوڵتان ئەسڵانی؛

٦١. مام سوڵتان مەشهوور بە 'تەسلیم'، لە شەهرداریدا بوو؛

٦٢. عەوڵای کوڕی مام سوڵتان، کە ئەویش لە شەهرداریدا بوو؛

٦٣. ساڵح کەریمی (شەش قامک)؛

٦٤. حەمەی حۆری، بەننا؛

٦٥. حوسەین حۆری، بەننا؛

٦٦. قالە خەزاڵ؛

٦٧ و ٦٨. حەسەن ناڵبەند و برایمی کوڕی؛

٦٩. عەبدولخالقی خەیات؛

٧٠. عەبدولخالقی کۆت فرۆش؛

٧١. کاک حوسەین قاوەچی ڕەوشەن [فیکر]؛

٧٢. مەولوود عەبدولقادری؛

٧٣. قادر عەبدولقادری؛

٧٤. عەلی کامەلایی؛

٧٥. حەمەکەریم سەرایی (تەڕ شودە)؛

٧٦. محەممەدی دەلاڵ، کرێکاری گاراژ؛

٧٧. محەممەدی عەلاف (محەممەدە شەلە)؛

٧٠. مام غەنی کامەلایی، ناڵبەند؛

٧٩. حەسەنی مینەدەلاڵ؛

٨٠. عەبە زیقاوە؛

٨١. سەلیم بەگی دەرزی، خەیات؛

٨٢. مەحموودی نەوبەری؛

٨٣. فەتاحی عەزیزی کانیەڕەشی؛

٨٤. محەممەدی عەتری گڵۆڵانی، شاعیر؛

٨٥. حاجی مەحموودی ئەڵماسی؛

٨٦. محەممەدی خەندوستان؛

٨٧. وەستا مەحموودی حەیدەری؛

٨٨. مەحموودی حەسەن ناچیتی (فەتحی)؛

٨٩. ڕەشیدی حەسەن ناچیتی (فەتحی)؛

٩٠. وەستا کەریمی دەبباغی، [پینەچی]؛

٩١. ڕەحمان دەبباغی؛

٩٢. حەمەی مام باپیر، پینەچی؛

٩٣. محەممەدی خلە گەورک؛

٩٤. ڕەشیدی ئاغا ڕەزا؛

٩٥. ساڵەی ئاغا ڕەزا؛

٩٦. سەعیدی کەریم بەگ، تەنەکە ساز؛

٩٧. حەمەسووری [ئیسماعیلی]، قاوەچی؛

٩٨. متەللیبی کوڕی حەمەسووری قاوەچی؛

٩٩. مینەی میکانیک (ئێستا دووکانەکەی ڕووبەڕووی قەبری حەسەن زیرەکە)؛

١٠٠. حەمەی شوتری (مل وشتر)؛

١٠١ تا ١٠٣. میرزا حوسەین کۆچەری، [کووتاڵ فرۆش] و کوڕەکانی؛

١٠٤. حەمەساڵەی جەیران خانم (خاکی)؛

١٠٥. مینەی عەلی بەگ؛

١٠٦. عەلی بابامیری (عەلی زەردان)؛ و

١٠٧. ئیبراهیم نەوبەختی.

ئەوە بوو بەشداربووان ناوەکانیان لەسەرەوە هات، کە لە ڕاپەڕینی ٢٧ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ی خەڵکی بۆکان و دەوروبەر دا بەشدار بوون.[8]

لەو ڕۆژەدا خەڵکێکی زۆر لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان تاقیان لێدا. بە تاقەکەدا فەرشێکی گەورە هەڵاوەسرابوو. عەلی سالمی خەیات بە لۆکە لەسەری نووسیبوو: "بژی موسەددیق". تاقەکە، وەستا مستەفای نەججاڕی دروستی کرد. "حاجی مستەفا، هەر بۆ سبەینێ [واتە دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ دژ بە موسەددیق] تاقێکی دیکەی دروست کرد. حاجی مستەفا وتی: "تاقی دوێنێ خۆش بوو یا هی ئەمڕۆ!"

بۆ پاش نیوەڕۆ. دەمگۆی ئەوە بوو شا دەگەڕێتەوە. خەڵک ڕژانە سەرشەقام، دەست کرا بە خۆپیشاندان: "مەرگ بۆ شا، بژی موسەددیق!" ئەمنیش (ڕەشید سپهری) یەکێ بووم لە بەشدار بووان. ئەوڕۆژە سەعات ٩ ی بەیانی خەبەر درا بە دێهاتی دەوروبەری چۆم، کەنداوکەند هاتبوون. خەڵکی [گوندی] ئاختەتەر و شێخلەر و کەرێزە و میراوا دەیانویست بێن بەشداریی خۆپیشاندان بکەن، لۆتکەکەیان لێ شکاندبوون، وتیان تەرەفی کوڕی مەحموودئاغا لۆتکەکەی شکاندووە و نەفەرێکی لە ئاوی چۆم خستووە.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە، شا گەڕایەوە. ماڵی حاجی قاسم و جەماعەتێک هەڵاتن بۆ کوردستانی باشوور. ماڵی حاجی قاسم دەوڵەمەند بوون، ئیدارەی ژاندارمری لەماڵی ئەواندا بوو؛ بە مۆدێکی زۆر جوان و دووتەبەقە دروست کرابوو.، لە بەینی پەنجەرەکان وێنەی دوو سەعاتی چاڵمەی لێ کێشرابووەوە. هەر لەوماڵەدا کە ژاندارمری تێدابوو، ئەفسەرەکەی پشتیوانی خەڵک بوو، دیار بوو لە "جبهەی میللی" بوو. ڕیزە دووکانێکیش لە پشت حەمامی کۆنە بوو لەگەڵ کارخانەیەکی قەند کە وەستاکەی، دەروێش محەممەدی کاوەیی بوو. ئەو کارخانە قەندە، هۆڕنێکی بوو، کە سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ لێدەدرا، هەموو دەچوونەوە سەر کار. بۆکان ئەودەمە، شێوەی وولاتی پێشکەوتووی دەدا.

بە داخەوە بۆ سبەینێ کە خەڵک هاتنە دەرێ، کارخانەی قەند ڕووخاو و ژاندارمری ئاور درابوو و ماڵی عەلی میرەبەگ سووتابوو. ئەوشەوە، نۆکەرەکانی حەمەدەمین ئاغا ماڵی خەڵکیان تاڵان کردبوو، جەماعەتێکیش لە توودەییەکان برابوونە ماڵی حەمەدەمین ئاغا، زۆریان لێدابوون.

---

[8] **تێبینی گرنگ:** کاک ڕەشید لە پێداچوونەوەی کۆتاییدا هەندێک ناوی تازەی لە لیستەکە زیاد کرد و منیش بۆ ئەوەی ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی سەرەکی دەست نیشان بکەم هەندێک لە ناوەکانم جێگۆڕکی پێکردن بۆنموونە ناوی حوسەینی فاتیحی و حوسەینی تەهایی و ئەحمەد یەدیم هێنایە سەرەوەتر، هەروەها ئیش وکاری هەندێک کەسم نووسی. بۆئەوەش کە زیادکراوی من لە نووسینەکەی کاک ڕەشید جیابکرێتەوە، زیادکراوەکانی خۆمم خستە ناو کەوانی گۆشەدار[...] ەوە. ئەنوەر

لەو وەختەدا، من حەوت ساڵەیەکی ووشیار بووم. هەر لەو وەختەوە داخم لە داگیرکەر و بەکرێگیراو بوو."

ڕەشید سپهری

٢٠٠٨/١١/٩

"١٣٨٧/٨/١٩

ئەوەش دەستخەتی کاک ڕەشید، کە وەک گوتم دوای ئامادەکران جارێکی دیکەش ناردوومەتەوە بۆی و ئەویش لە پێداچوونەوەدا دەستکارییەکی ناوەکانی کردوون و هەندێک ناوی دیکەی لێ زیاد کردوون کە لە دەستخەتەکەدا نابینرێن:

( ڕاپەڕینی جوتیاران )

پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٦ خەڵکی کوردستان
لە ناوچەی موکریان کەوتنە بەر شاڵاوی زۆرداران و کاربەدەستانی
حاکم و دەرەبەگەکان. خەڵک لە هەلێک دەگەڕا کە خۆی لەم زوڵم و زۆرە
ڕزگار کا. لە ساڵی ١٣٣١ لە دەوری شاری بۆکان بە پشتیوانی ڕێک
خراوە سیاسیەکان وەک حیزبی تودە و دیموکراتەکان بە پشتیوانی
کاسبکار و کرێکار و خەباتەکانی بۆکان کە پشتیوانیەکی بەرچاویان لەم
ڕاپەڕینەدا بو لایەنگری لە دوکتور موسەدیق کە بەرەی میللی ئێران
بوو چونکە ئەو ڕێ پیاوان و تاڵداران دەستی پێکرد. پاشان ژاندارمەری
کە لە ماڵی حاجی قاسم دا بو پشتیوانی لە خەڵک کرد ماڵی حاجی قاسم دەولەمە
فودیاڵی شۆڕشگێر بون، خەڵک توڕەی شورەیی بوو ئەوکە ساڵەی لە بۆکان
پشتیوانی ڕاپەڕینەکە بون ئەمانەن ١ حاجی قاسم و براکەی ناو عبداللە
٢ عەلی میرو بەگ ٣ قادر شێرانی ٤ حەمەزەکی خەباتی ٥ میرزا عبداللە
سولتانی و عومەری سولتانی ٦ مەحمودی ڕەزانی ٧ عەلی ساڵی
٨ ماڵی قزلجیەکان - مەلا محەمەدی قزلجی حەسەنی قزلجی و سەرتیپ
قزلجی ٩ عەولا شێرانی - ١٠ مەنصوری عەلی بەگ ١١ ڕەحمانی حەیدەری
١٢ ڕەحمانی بابامیری ١٣ عەلی باباپیری، عەلی زەردان ١٤ حاجی محەمەدی
شاملی - ١٥ براهیم حەمە پیری ١٦ محەمەدی دەلال ١٧ کاکە محەمەدی عەلا
18 حەمەکەریم سەرای تور شەرە ١٩ عەبدوڵا سامێکی ٢٠ حوسێن و حەسەن و
ساڵحی ناتیی ٢١ حەسەناڵەی کەریم حاجی باباخان - ٢٢ میرزا محەمەدی ئاڵبلاغی
٢٣ میرزا حەمەکەریمی کەریمی - ٢٥ مام عەلی پینەچی لەگەڵ ماڵی حاجی قاسم و حەمە
توفیق خەباتی هەڵاتن بو عیراق. ٢٦ کاک فتح اللە و حسین مەزنانی قاوەچی.
لوتف اللە پینەچی. ٢٧ - وەستا حەسەن بەسری - ٢٨ ناجی زیادی ٢٩ عەلی تەباز
٣٠ وەستا عەولای قەرەتیوز ٣١ مام ڕەحیمی خەباتی، ٣٢ غولام پینەچی و براکەی
٣٣ ئیبراهیم نەوبەخت ٣٣ ماڵی غەوسی. ٣٤ حاجی فتح اللە بەلاف ٣٥ سەید
فتە لیبی خەباتی و کورەکەی. ٣٦ کەریم قاتوزی ٣٧ کەریم غەفوری قازینیت
٣٨ مەحمودی ئەمووتی مەحمودەکێر ٣٩. حەسەن خان ڕەحمەت خانی محەمەد سەعودی
٤٠ عەلی حەمەدی ٤١ ڕەشید حەمەدی. ٤٢ ڕەسوڵی کەشتوزی ورگیری کەشتوزی
٤٣ حەسەن ڕەحمانی م بەحەمەسەن یابوزاغا. ٤٤ عبداللە سلووری ٤٥ محەمەد دەسکەری
٤٦ وەستا ڕەحیم سەنگەری ٤٧ عەلی مجیدی و براکانی ٤٨ میرزا ڕەسوڵی تەسلانی
٤٩ سولتانی تەسلانی - ٥٠ مام سولتان ڕەسوڵانی کوری ٥١ تەسلیم لە شەهوداری دابون
الاصلاح کەریم شەوقی قامک - ٥٢ حەمەی حوری ٥٣ حوسەین حوری ٥٤ خالد خەزال
٥٥ حەسەن قالبەتۆ و براکەی کوری - ٥٦ عبدالخالق خەباتی. ٥٧ عبدالخالق تویت فرۆش
٥٨ کاک حسین قاوەچی ڕەوشەن ٥٩ مەولودی قادری عەبدولقادری ٦٠ عەلی قاسم [illegible]

Miljömärkt trycksak från TeleGruppen Söderköping, lic.nr 341 363

ماڵی حەسەنی نەورۆز ماڵەکی نەورۆز. عوسمانی نەورۆز عەلی نەورۆز

٦١ مام غەفوری نالبەند ٦٢ حەسەنی مینەدەلاڵ. ٦٣ عەبە زیقاوە.

٦٤ سەلیم بەگی خەیات ٦٥ مەحموودی نەوبەری ٦٦ کاک نەمانی عەزیزی

٦٧ محەمەدی نووری گڵۆلانی ٦٨ حاجی محەمەدی ئەلماسی. ٦٩ محەمەدی خەفرۆشان

٧٠ وەستا محەمەدی مەتیرەری ٧١ محەمەدی حەسەنی ناچیژ ٧٢ پەشکیری حەسەنی باجی

٧٣ ڕەحمانی دەباغ. کەریم دەباغی ٧٤ حەسەنی مام بابیر پینەچی. ٧٥ محەمەدی خەلە

گەورکی ٧٦ ڕەشید و ساڵەی ئاغا پەزا. ٧٧ سەعیدی کەریم بەگ. ئەمانە کەساز

ئەبوو بە شاربوان ناوەکانیان لە سەرەوە هاتت کە لە ڕاپەرینی ٢٧ گەلاوێژی

١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان دوو رو بوو تێدا بەشدار بوون. لەو ڕۆژدا خەڵکێکی زۆر لە سەر

حەوزە گەورەی بۆکان ئامادە بوون تێدا. لە قامەتەکەدا فەرشێکی گەورە هەڵواسرا بوو

عەلی سالم خۆیا کە لە سەر فەرشەکە نووسیبووی بژی موسەدیق تاقەکە

وەستا محەمەد سەیفولای نەجاری دروستی کرد. (حاجی سەیفا) هەر بۆ سبەی

تاقێکی دیکەیان دروست کرد حاجی سەیفا وتی تاقی دوێنێ خۆش بوو یا هی ئەمڕۆ

بۆ پاشی نیوەڕۆ دەمەکی ئەوە بڕیار درا کە ڕێبەوە خەڵک ڕوو بکەنە سەرشەقام

دەست کرا بە خۆپیشاندان دژی حەرەکی بژی بژی موسەدیق ئەمنیش یەکێ بووم

لە بەشداربوان (ر. س) ئەوە ڕۆژنامەی ٩ی بەیانی خەبەر درا بە دیهاتی دەوروبەر

چونکە نوادەکانی هاتبوو خەڵکی ئاغەکە ئەو مزگەوتە لە دەورەکاریزە و میراوا ڕیان و لیست بین

بە شەواری خۆپیشاندانی یەک لە تەکە دیاری لە تێکشکانو بوون و تیان قوڕەقی کوڕی

محەمەد ئاغا لە ئاکامی تێکشکانەوە نەفەرێکی لە محاوری چوم خستووە. بۆ سبەینێ ئەوڕۆژە

ئاگرا لێوە ماڵی حاجی قاسم و جەماعەتێک هەڵاتن بۆ گوندەکانی باشوور. ماڵی

حاجی قاسم دەلەمەنو بوون بنوارە زانرا حەدری لە ماڵی ئەوان دا بوو. بە هەمووشیان زۆر

جوان و ڕەنگاوڕەنگ دوکەیە دروست کرابوو لە بە پێی پەنجەرەکان و ئەو دوو شتانە

چاپەری لێ کرا بووە هەر لە ماڵەدا کە زانرا مەری تێدا بۆ ئەمەکەی پێشتوونی

خاڵک بوو دیار بوو لە جەمعەی سێلی بوو ڕیزە دوکانیش لە پشت حەمامی کۆنە بوو لە

گەڵ کارخانە یەکی قەند و سابوونی دروستی محەمەدی کاوەی بوو ئەو کارخانە

قەند هوورێکی بوو کە سەعاتی ١٢ی نیوەڕۆ لێ دەدا کرێکاری بۆکان دەوروبەر

هەموو سەعاتی ئەوکات هەڵبەت یەک دوبارە دەدا هەموو دەچوونەوە سەر

کار. بۆکان ئەو دەمە شێوەی واقی پێش کەوتی دەدا بە داخەوە بوو سەبەبی

بە یادی کە خەڵک هاتە دەری کارخانەی ئەو ڕووخا و زانراوی ئاگر درابوو

ماڵی عەلی میرە بەگ سوتا بوو کە و شەوە خۆکەوەکانی حەمە دەستی ماڵی

خەڵکیان تاڵان کردوو بە ماعە تێکشکێ لە تووڕەی یەکانی برابوونە سەر حەمە

دەستیان زۆریان لێ دا چوون لەوە وەختە داوە حەمەو ساڵە یەکی وشیار بووم

هەر لەو وەختەوە داوم لە دانیکە ڕەوڕەوە کوێ گیرا و بوو (ڕەشید سپهری)

٢٠٠٨/١١/٩